# ئینتەرنێتو یاسا:
# بوختانو ناوزڕاندنو بریندارکردن لە ئینتەرنێت
# وە سزادانی


**د.کەمال سەید قادر**

a7825836@unet.univie.ac.at


ئینتەرنێت دوژمنی هەرە گەورەی دکتاتۆریەتو دەمکوتکردنە. وە لە جیهان بە دووەمین شۆرش لە قەڵەم دەدرێت لە مێژووی ڕاگەیاندنا. یەکەم شۆرش لە سەدەی شازدەم بە دۆزینەوەی ئامێری چاپی گوتنبێرگ بەرپابو کەوا بوە هۆی فراوانکردنی بازنەی خوێندەوارو خوێندنەوە. هەر ئەم دۆزینەوەش بو کەوا بوە هۆی دروستبونی دەولەتی نەتەوایەتی چونکە ئەندامانی نەتەوەیەک لە ڕێگای چاپەمەنی یەوە هەستیان زیاتر بەوە کرد کەوا ئەندامی یەک نەتەوەن یەک زمانو کولتورو مێژویان هەیە وە ئەم هەستەش لە کۆتاییدا بوە هەوێنی داواکاری بۆ هەر نەتەوەیەکو دەولەتێکی سەربەخۆی.
ئەگەرچی ئێمەی کورد لە شۆرشی یەکەما بێ بەش بوین بە هۆی دابڕانمان لە تەوژمی پێشوەچون لەم کاتەدا بەلاّم ئێستا دەتوانین بە ڕاستی بلێین کەوا شۆرشی دووەمی ڕاگەیاندن واتە ئینتەرنێت یاخود سایبەر سپەیس بە شێوەیەکی تایبەت شۆرشی نەتەوەی کوردە چونکە پەیوندی کردن لە نێوان تاکەکانی میللەتی کورد لە هەمو پارچە داگیرکراوەکانی کوردوستان بە هۆی ئەم شۆرشەوە هەمو سنورە دەستکردە سەپێنراوەکانی لە کوردوستانی دابەشکراو بەزاند وەسەرتاپای کوردوستان بە لای کەمەوە لە ئینتەرنێت بوەوە یەک پارچە. لە چەند چرکەیەکدا مرۆڤێکی کورد لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە بێت دەتوانێت پەیوەندی بکات بە مرۆڤێکی تری کورد لەکەرکوکو قامشلوو دیاربەکرو مهاباد وە ئەمەش هەمان ئەم ڕۆلەیە کەوا دەزگای چاپی گوتنبێرگ پێ ی هەلسا وە بۆیەش هەر هەمان دەرئەنجامی دەبێت واتە ئەو ڕۆژە نزیک بۆتەوە کەوا میللەتی کورد زنجیری کوێلەیاتی دەشکێنێت وە کۆتایی بە ئیهانەی داگیرکەر دێنێت. هەر ئێستا دەتوانین بلێین کەوا گریمان دەولەتێکی یەکگرتوی کوردی لە سایبەر سپەیسەوە دورستبوە کەوا دەتوانین ناوی لێ بنێین The Virtual Kurdish State .

سنورە دەستکردەکانی کوردوستان درانە بەر هێرشی تەوژمە ئەلیکترۆنی یەکان وە چی تانکو فرۆکەو ئەرتەشی داگیرکەران هەیە کەوا ئەرکیان ئەوە بو لێکمان جیا کەنەوە دەبێ ئێستا بە دوای ئەو تەوژمە نادیارانە بگەڕێن کەوا سنورە ناحەقەکانیان دەبەزینن وە بە یەکمان دەبەستنەوە.

سنوره دەستکردەکانی کوردوستان درانە بەر هێرشی تەوژمە ئەلیکترۆنی یەکان وە چی تانکو فرۆکەو ئەرتەشی داگیرکەران هەیە کەوا ئەرکیان ئەوە بو لێکمان جیا کەنەوە دەبێ ئێستا بە دوای ئەو تەوژمە نادیارانە بگەڕێن کەوا سنورە ناحەقەکانیان دەبەزێنن وە بە یەکمان دەبەستنەوە.
ئینتەرنێت ئەگەرچی سەرەتاکەی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردو بە پێچەوانەی ئەوە بو کەوا ئێمە بە پاراستنی مافی مرۆڤو چەسپاندنی بە ها دیمکراسیەکان ناوی دەبەین چونکە خۆی پرۆژەیەکی سەربازی بو، ئەوا ئەمڕۆ بوەتە گەورەترین هۆ بۆ خزمەتکردنی ئازادی ڕادەربڕینو ڕاگەیاندن کەوا لە بنەما هەرە سەرەکی یەکانی دیمکراسیەتن چونکە سیستەمی دیمکراسی بە شێوەیەکی گشتی پشت بە ڕاگۆڕینەوە دەبەستێت تاکو زۆرینە بتوانێ بگاتە ڕایەکی هاوبەش کەوا مەرج نی یە باشترین ڕا بێت بۆیە کەمینەش دەبێ ئازاد بێت لە ڕێگای ڕەخنەگرتنەوە چاودێری بڕیارەکانی زۆرینە بکات.
کاریگەری ئینتەرنێت زۆر لە ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنو هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن گەورەترە چونکە ئینتەرنێت خۆی بوارەکانی نوسراوو بینراوو بیستراو دەگرێتەوە جگە لەوەش کەوا بازنەی پەیوەندی یەکەی بە یەکجار هەمو جیهان دەگرێتەوە وە ناشتوانرێ سانسۆر بکرێ وە ئەو کەسەی دەشیەوێ پەیامێک بە جیهان بگەیەنێت پێ ویستی بە یارمەتی دەزگایەکی ڕاگەیاندن نی یە چونکە خۆی دەتوانێ ببێ بە دەزگای بلاوکردنەوە.

هەرچەندە بە داخەوە کەوا کۆسپی گەورەی پێش بلاوبونەوەی ئینتەرنێت هەژاری یە کەوا دەکات خەلقانێکی زۆری تامەزرۆی ئازادی و ڕادەربڕین بە هۆی باری دارایی یان لەم مافە بێ بەش بکرێن. ئێستا بۆ نمونە لە جیهان لە 9% خەلق ئینتەرنێتیان هەیە بەلام ئەم ڕێژەیە بە یەکسانی دابەشنەکراوە بەلکو بە پێ ی ئامارێکی ITU وولاتانی دەولەمەندی وەکو سویدو ئەمریکاو سنغافورە نزیکە 80% دانیشتوانیان پەیوەندی ئینتەرنێتیان هەیە کەچی وولاتانی هەژاری ئەفریقی تەنها 0.4% . بلاوبونەوەی ئینتەرنێت هەتا پەیوەندی بە سیستەمی سیاسیشەوە هەیە چونکە سیستەمە بۆگەنە دیکتاتۆری یەکان ڕقیان لە ئینەرنێتە وەکو زۆرینەی سیستەمی وولاتانی عەرەبی کەوا لە گەل ئەوەش دەولەمەندن ڕێژەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە نێو دانیشتوانی وولاتە عەرەبی یەکان بە شێوەیەکی گشتی ناگاتە 0.6% کەوا زۆر کەمە.
ئینتەرنێت ئێستا بوەتە پێوەرێک بۆ پێشکەوتنی کۆمەلگا بۆیە پێ ویستە هەردو ئیدارەی کوردی هەمو هەولێک بدەن بۆ ئاسانکردنی بە کارهێنانی ئێنتەرنێت بۆ دانیشتوانی کوردوستان چونکە هەرچەندە من ئاگاداری هیچ ئامارێک نیم لەم بارەیەوە بەلام لەم باوەڕەم کەوا ڕێژەی بە کارهێنانی ئینتەرنێت لە کوردوستان لە ڕێژەی هەژارترین وولاتی ئەفریقیا نزمترە. بە شێوەیەکی گشتی کوردەکانی هەندەرانن کەوا ئێستا شۆرشێکی ئینتەرنێتیان بەرپاکردوە بۆیەش زۆر لایەن لێویان لێ دەکرۆژن چونکە کاریگەری یەکی زۆریان هەیە لە سەر کوردوستان وە بونەتە تاقە سەرچاوەی هەوالو لێ کۆلینەوەی بێ

لایەن بە پێچەوانەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ناو کوردوستان کەوا لە گەل ئەم هەمو توانا مادی یە زۆریان لە پرۆپاگەندەو بە سەرهەلگوتنو ماستاوچیاتی زیاتر هیچی تر نین یاخود لە ترسا خۆیان سانسۆری خۆیان دەکەن. ئێستا هەر لایەنێکی سیاسی کوردی پێش ئەوەی هەلەیەک بکات ئەوا هەر چاوێکی لە سایتە کوردی یەکانی ئینتەرنێتە کەوا لێ ی بۆتە شەوە. فایلچیەکانی حیزبە سیاسی یەکانی کوردوستان باشترین نمونە بون بۆ کاریگەری ئینتەرنێت لە سەر ئاگادارکردنەوەی میللەتی کورد و داکۆکی کردن لە مافەکانی ئەوە بو ئینتەرنێت تەنی بە ڕوی ئەم خائینانە هێنا وە ناچاربون خۆیان لە کوردوستان حەشار بدەن چونکە ئازادی ڕادەربڕین لە کوردوستان زۆر سنوردارە ئەگەرنا کوردوستانیشیان لێ دەبو بە کونە مشک. ئینتەرنێت ڕۆلێکی زۆری لەوە گێڕا کەوا ئێستا نەفرەت لە شەڕی براکوژی بکرێ وە هەتا سەرکردایەتی هەردو حیزبی سەرەکیش بڕیاربدەن قەرەبوی قوربانی یەکانی شەڕەکانی پێشوش بکەنەوە. ئینتەڕنێت لە داهاتودا دەبێتە هۆی سەرەکی یەکگرتنەوەی میللەتی کوردو پاراستنی مافەکانی لە کەرامەتو یەکسانی و ئاگادارکردنەوەی خەلق چونکە هەرکەسێک جارێک هەست بکات کەوا مافی خوراوە ئەوا ئۆقرە ناگرێت هەتا مافەکانی خۆی نەگەڕێنێتەوە.

ئینتەرنێتیش لە گەل ئەم هەمو خزمەتەی کەوا پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکات وەکو هەمو داهێنانێکی تر دەتوانرێ بە مەبەستی باش و خراپ بە کار بهێنرێت بە پێ ی ئامانجی ئەم کەسە. بۆیە دەبێ لە لایەنی یاسای یەوە بەکارهێنانی ڕێکبخرێ.
جا کەوا میللەتی کوردیش وا خەریکە ئینتەرنێت دەکاتە ئامرازی سەرەکی ڕاگەیاندن وا چاوەڕوان دەکرێت کەوا لە ناو کەسانی کوردیش تاکە کەسانێک هەبن کەوا مەبەستیان لە کەرهێنانی ئینتەرنێت ئامنجێکی تر بێت لەوەی کەوا بۆی تەرخان کراوە. بۆیە پێویستە لێرە ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی یاسایی ئینتەرنێت بکەین تاکو بتوانین ئینتەرنێت بۆ بە دەستهێنانو پاراستنی مافی مرۆڤی کورد بە کار بهێنین نەک بۆ پێشێلکردنی ئەم مافانە.

لە لایەنی یاسای یەوە ئینتەرنێتو هۆیەکانی بە کارهێنانی وەکو هەمو ئامرازێکی تر سەیر دەکرێت کەوا دەتوانرێ تاوانی پێ ئەنجام بدرێت واتە لەم ڕوانگەوە کۆمپیوتەرێک هیچ جیاوازی یەکی نی یە لەگەل تەورداسێک یاخود خاکەناسێکو خەنجەرێک بەلکو جار وایە خەتەرتریشە بۆیە دەوترێ کەوا ماوس لە خەنجەر تیژترە. تاکە کەسێک دەتوانێت لە چەند چرکەیەکدا لە ڕێگای بلاوکردنەوەی وێنەیەک یاخود هەوالێک لە سایتێکی ئینتەرنێت ناوبانگی مرۆڤێک یاخود لایەنێک بشێوێنێ یاخود هەتا بتوانێ ببێتە چەکێکی کۆمەلکوژ هەروەکو گروپە تێرۆریستی یەکان هەولدەدەن بۆ تێکدانی سیستەمی ئەلیکترۆنی بنکە ئـەتۆمی یەکان بە کاری بێنن. یاسای وولاتانی پێشکەوتو ناوی کۆمەلێک لەم تاوانانە دێنن کەوا دەتوانرێت بە هۆی ئینتەرنێتەوە ئەنجام بدرێن وەکو:

1- جموجۆلی تێرۆریستی کەوا کاری تێکدانو پەیوەندی تێرۆریستی و هینانە ڕیزی ئەندامی نوێش دەگرێتەوە.
2- هاندانی کەسانو گروپێک لە کەسان بۆ ئەنجامدجانی تاوان هەتا جینۆسایدیش.
3- هێرشی ڕەگەزپەرستی بۆ سەر میللەتانو ئاییناتی تر.
4- دزینو گۆڕینی زانیاری سەر کۆمپیوتەرەکان.
5- دزینی پارە لە کۆنتۆکانی بانقو خەلق.
6- بوختانو ناوزڕاندنو بریندارکردن.

مەبەستی ئیمە لەم باسە تیشک خستنە سەر ئەم زێدەڕۆیانەیە کەوا لە ئینتەرنێت لە بواری ڕاگەیاندندا ڕودەدەن ئەمیش بوختانو ناوزڕاندنو بریندارکردنن.

بوختانو ناوزڕاندنو بریندارکردن لە ئینتەرنێت

ئەم سێ ناوە بۆ هەر هەمان تاوان بە کاردێن کەوا مەبەستیان شکاندنەوەی مرۆڤێکە وە هێنانەخوارەوەی پێگەیەتی لە ناو کۆمەل لە ڕێگای گوتنی یان نوسینی شتێکا کەوا خاوەنەکی مەبەستی بێت تاوانێک دژ بە لایەنێکی تر ئەنجام بدات. بەلام زمانی کوردیش وەکو زمانی ئینگلیزی جیاوازی کردوە لە نێوان تاوانی بوختان slander کەوا بە شێوەیەی گوتن ئەنجامدەدرێت وە ناوزڕاندن Libel کەوا بە شێوەی نوسین ڕودەدات وە بریندار کردن (ئیهانە) Insult کەوا تاوانێکە بەهەردوجۆر ئەنجام دەدرێت بەلام تۆمەتێکی تایبەت لە خۆی ناگرێتەوە بۆ نمونە نالێت فلان کەس گەندەلی دەکات بەلکو دەلێت کەسانی لەم جۆرە شیاوی ئەم شوێنە نین چونکە هیچو پوچن.
ئەنجامدانی ئەم تاوانانە لە ئینتەرنێت لە هەمو شێوەکانی تر کاریگەرترە چونکە بە زوترین کات وە لە نێو زرترین ژمارەی خەلق بلاو دەبێتەوە وە هەرگیزیش ڕەش ناکرێتەوە هەتا ئەگەر سایتەکەش ڕەشی کاتەوە لە گەل ئەوەشا ئەو کەسەی کەوا تاوانەکە ئەنجام دەدات دەتوانێت بە نەناسراوی بمێنێتەوە.

بەلام لێرەدا دەبێ جیاوازی لە نێوان دوو بواردا بکەین کەوا پەیوندی یان بەم بابەتەوە هەیە ئەمیش یەکەم بواری سیاسی وە دووەم بواری کەسایەتی تایبەت.
لە بواری سیاسیدا ئــەوا ئینتەرنێت بوەتە کاریگەرترین هۆ بۆ بەرپاکردنی دیمکراسیەتو مافی مرۆڤ بۆیە کۆسپ خستنە پێشی کار لەم ڕۆلەی دەکات بۆیە بە پێ ی یاسای نێو دەولەتی و یاسای ناوخۆی وولاتانی پێشکەوتو هەرچی بوترێت دژ بە لایەنێکی سیاسی بە بوختان دانانرێت چونکە لە بەرژەوەندی گشتی یە بە مەرجێک هێرش نەکرێتە سەر ژیانی تایبەتی کەسێکی سیاسی. بۆ نمونە ناوهێنانی لێپرسراوێکی سیاسی بە گەندەل تاوان نی یە بەلام هێرش بردنە سەر پەیوەندی تایبەتی کۆمەلایەتی یاخود ئاییینی یاخود ڕوخساری

ئەوا دەبێتە تاوان. هەتا ئـەگر ئەو لێ پرسراوە خۆشی گەندەل نەبێت بەلام چاوپۆشی لە گەندەلی کارمەندانی ژێرەوەی خۆی بکات دەتوانرێ بە گەندەل ناو ببردرێ چونکە بێ دەنگبونی لێ ی دەیکاتە هاوبەش لەم تاوانە. لێرەدا نەک هیچ سنورێک بۆ ئازادی ڕادەربڕین دانەنراوە بەلکو هانی هەمو لایەنێکیش دەدرێت بۆ ڕەخنە گرتنو ئاشکراکردنی کەموکورتی و تاوانەکانی سیاسی. ئازادی ڕادەربڕین مافێکە کەوا بە پێ ی یاسای نێودەولەتی بۆ هەمو مرۆڤێک دابینکراوە وە یاسای هیچ سیستەمێکی دیمکراسی ناتوانێ سنورداری بکات. مافی ئازادی ڕادەربڕین لە سەر ئاستی جیهانی و هەرێمی چەند ڕێککەوتنامەیەکی نێو دەولەتی دابینیان دەکات وەکو جاڕی گەردونی مافی مرۆڤو هەردو ڕێککەوتنەماکانی مافی مرۆڤی UN وە ڕێککەوتنامەی ئەورپی بۆ مافی مرۆڤ کەوا گرنگترینیانە چونکە ئەم مافانەی لەم ڕێککەوتنامەیە هاتون ئالیەتی دادگایی چەسپاندنیان دیاری کراوە بۆیە هیچ وولاتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتنامەیە بۆی نی یە بە ئارەزوی خۆی دەستکاری ئەم مافە بکات. لە مادەی 10(1) ڕێککەوتنامەی ئەورپی بۆ مافی مرۆڤ هاتوە: " هەر مرۆڤێک مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەیە . ئەم مافە ئازادی بیروباوەڕو بلاوکردنەوەو وەرگرتنی بەرهەمو بۆچون لە لایەن ئەو کەسە دەگرێتەوە بە بێ دەست تێوەردانی هیچ لایەنێکی حکومی وە بە بێ گوێ دانە سنوری وولاتەکان".

کەواتە لێرە مەبەستی ئێمە لە باسکردنی تاوانەکانی بوختان بواری سیاسی نی یە بەلکو بواری دووەمە ئەمیش بواری کەسایەتی تایبەتە. بۆ زیاتر ڕون کردنەوەی باری لێ پرسینەوەی یاسایی ئەم جۆرە تاوانانەش نمونەی یاساکانی هەردو وولاتی سویدو هۆلەندا دەهێنینەوە ئەگەرچی یاسای وولاتە دیمکراسی یەکان لەم بارەدا هەمویان زۆر لە یەک نزیکن چونکە هەمویان پابەندن بە ڕێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤ.
هەردو وولاتی سویدو هۆلەندا ئەندامی ڕێککەوتنامەی ئەورپین بۆ مافی مرۆڤ بۆیە دەبێ بە شێوەیەکی تەواو پەیڕەوی مادەی 10 ئەم ڕێککەوتنامەیە بکەن هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد چونکە ئەم ڕێککەوتنامەیە لە سەروی یاساکانی ناوەخۆی ئەم دوو وولاتەیە.
لە هۆلەندا بە شێوەیەکی گشتی سێ یاسا پەیوندی یان بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە : 1- یاسای میدیای هۆلەندی Dutch Media Law 2-یاسای پاراستنی زانستی کەسایەتی Personal Data Protection Act وە 3- کۆدی سزای هۆلەندی. ئەوەی پەیوەندی بە تاوانی بوختانو ناوزڕاندنو بریندارکردن هەیە دژی کەسانی تایبەت ئەوا بە پێ ی بەشی 261 کۆدی سزای هۆلەندی هەر کەسێک بە ئەنقەست هەولبدات لە پێگەو پلەی یەکێک بێنێتە خوارەوە وە بیشکێنێتەوە ئەوا دەتوانرێ تاکو سالێک حوکم بدرێت یاخود سزای پارەی بدرێت. کۆدی سزای هۆلەندی جیاوازی دەکات لە نێوان کارێکی لەم جۆرە کەوا دژ بە کەسێکی تایبەت یاخود لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی کرابێت. بەرژەوەندی گشتی هەروەکو لە سەرەوە باسمان کرد بواری سیاسی دەگرێتەوە بۆیە ئەمەیان سزای لە سەر نی یە.

وولاتی سویدیش بە هەمان جۆر بە شێوەیەکی سەرەکی 3 یاسای پەیوەندی داری بە بواری ڕاگەیاندن هەیە: 1- یاسای ئازادی ڕۆژنامەگەری Swedish Freedom of Press Act کەوا لە مادەی یەکیدا هەمان مادەی 10 ی ڕێککەوتنامەی ئەوروپی دووبارە دەکاتەوە 2- یاسای زانیاری کەسایەتی Swedish Data Act وە 3- کۆدی سزای سویدی. بە پێ ی کۆدی سزای سویدی بەشی پێنجەم -کەرتی یەکەم- بوختانو ناوزڕاندنو بریندارکردن دەتوانرێ سزایان بگاتە دوو ساڵ بەند کردن یاخود سزای پارە. ئەم سزایە بە پێ ی کەرتی پێنجەم بریندارکردنی هەستی نەتەوایەتی و ئایینی کەسانی تریش دەگرێتەوە.

سەبارەت بە لێ پرسینەوەی یاساییش لە بلاوکردنەوەی بابەتێک لە ئینتەرنێت ئەوا بە شێوەیەکی گشتی یەک پرنسیپی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کەوا ئینتەرنێت چونکە دەتوانرێ لە هەمو وولاتێک سەیر بکرێت هەر تاوانێک بە هۆی ئینتەرنێتەوە بکرێت لە جۆری ناوزڕاندن بۆ نمونە ئەوا دەتوانرێ بە تاوانێک دابنرێت کەوا لەم وولاتە خۆی ڕوی داوە هەرچەندە ئەگەر نوسەری بابەتەکەو سایتەکەش لە دەرەوەی ئەم وولاتە بن بە مەرجێک کەسێک یاخود گروپێک لە دانیشتوانی ئەم وولاتە سکالا بەرز کەنەوە. بۆ نمونە ئەگەر ێستا نوسەرێک لە بەریتانیا ناوی دانیشتوانێکی کەنەدا لە سایتێکا لە وولاتی نەرویج بزڕێنێ ئەوا ئەم تاوانە وا سەیر دەکرێت کەوا لە کەنەدا ڕویداوە وە کەسی داواکار دەتوانێ لە وولاتی کەنەدا داوا هەم لە سەر نوسەرەکەی بەریتانیا وە هەم لە سەر سایتەکەی نەورویج بەرزکاتەوە. بۆ نمونە بەشی 13 لە یاسای ئازادی ڕۆژنامەگەری سویدی دەڵێت: "هەر بابەتێک لە دەرەوەی سوید بلاوبکرێتەوە وا دادەنرێت کەوا لە سوید بلاوکراوەتەوە ئەگەربێتو بابەتەکە بتوانرێ لە سویدیش ببینرێ.
سەبارەت بەو کەسەی دەبێ لێ پرسراوەتیشی لە گەڵ بکرێت ئـەوا بە شێوەیەکی گشتی نوسەر لێ پرسراوە بەلام ئەگەر ئەم کەسە دەستی یاسای نەگەیشتێ ئەوا خاوەن یاخود بەڕێوەبەری سایتەکە بەرپرسیار دەبێت وە ئەگەر تاوانەکەش لە ژێر ناوێکی نهێنی ڕویدا ئەوا خاوەن سایتەکە بەرپرسیارە تاکو پێناسەی نوسەر ئاشکرا بکات ئەگەرنا خۆی بەرپرسیار دەبێت بۆیە گرنگە کەوا خاوەن سایتەکان خۆیان دلنیا کەن لە پێناسەی نوسەرەکان. دیسانەوە هەر بۆ نمونە بەشی 8 مادەی یەک لە یاسای ئازادی ڕۆژنامەگەری سویدی دەڵێت نوسەر، خاوەن، یاخود بەڕێوەبەری دەزگاکە دەتوانن ڕوبەڕوی لێ پرسینەوە بن.

هەروەکو بینیمان ئێستا شۆرشێکی مەزن بەڕێوەیە کەوا لە بەرژەوەندی میللەتانی ژێردەستو مافی تاکەکەسە وە بە تایبەتی لە بەرژەوەندی میللەتی کوردە چونکە داگیرکەرانی ئێمە بە هێزن وە سنورەکانیان هەناسەبڕکردوە کەچی ئینتەرنێت بە سەر سنورەدەستکردەکانی پازدا بۆیە دەبێ ئێمەی کورد بە هەمو توانایەکمانەوە ئینتەرنێت بە

کار بێنین بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆمان وە ئەم مافانەش بپارێزین کەوا بە زەبری چەکو خوێنی خۆمان بە دەستمان هێناوە.
ئستا لە کوردوستان لە دوو لایەنەوە هەڕەشە لە سەر کوردو کوردوستان هەیە لایەنی یەکەم هەڕەشەی داگیرکەرانە کەوا ئامانجیان لە ناوبردنی میللەتی کوردە وە لایەنی دووەمیش لایەنی ناوەخۆیە کەوا بریتی یە لە سیخوڕو گەندەلو خۆپەرست کەوا دەبێ بەربەرکانیان بکەین تاکو مافەکانی مرۆڤی کورد بپارێزین. مافەکانی مرۆڤی کورد لە کوردوستان کەس نی یە بە شێوەیەکی کاریگەر بیپارێزێت جا دەبێ ئەرکی هەمە لایەنێک ئەوە بێت هەردەم تی چاوێکی لە کوردوستان بێت تاکو دوژمنان لە ناوەخۆ زەفەرمان پێ نەبەن لە ڕێگای کۆلونی پێنجەم وە ئینتەرنێتیش لێرە ڕۆلی سەرەکی دەبینێت چونکە ناتوانرێ نە بەند بکرێت نە دابخرێت نە سانسۆر بکرێت. بەرامبەر بە دەرەوەش ئەوا بە هۆی ئینتەرنێتەوە هەمو سنورە دەستکردەکانمان بەسەر یەکەوە ڕوخاند ئەوەی تر هەموی مەسەلەی کاتو هەلە. ئەوەی ئاگاداری بین ئەوەیە کەوا ئێمە ئامانجی پیرۆزمان هەیە وە نابێ بێینە ڕیزی داگیرکەران وە ڕێگا نەدنین کەوا هێرش بردنە سەر سیاسەتی داگیرکەر ببێتە هێرش بردنە سەر میللەتێک یاخود ئاینێکی . لە کاتی ڕەخنەگرتنیشمان لە سیاسەتی ناوخۆی کورد دەبێ کەسایەتی تایبەتی لێ پرسراوێکی سیاسی لە سیاسەت جیا کەینەوە چونکە هەرکەسێک مافی ئەوەی هەیە ژیانی تایبەتی خۆی هەبێت دور لە دەست تێوەردانی کەسانو لایەنی تر. ئینتەرنێت وا خەریکە کاریگەری خۆی لە مەیدانی سیاسی کوردی پیشان دەدات ئێمەش چەند چەکوچەکانمان بە هێزترو زانایانە تر بوەشێنین ئەوەندە زوتر لە دەست کوێلە یی ڕزگارمان دەبێت.